# گەشە پێدانی سیاسیی لەکوردستاندا

د.دلێر ئەحمەد حەمەد /زانکۆی سلێمانی / کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکان

## پێشەکی

پرۆسەی گەشە پێدانی سیاسی یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکان چونکە هەمە لایەنە، فراوانە، ڕێبازی جیاجیای هەیە. لە سەدەی بیستەمدا کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە گۆڕانکارییەکانی سترۆکتۆری( بنیە )سیاسی، کۆمەلایەتی، رۆشنبیری ولاتانی جیهانی سێیەم و لەوانەش نەتەوەی کورد.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە پرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوویی پڕ لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵی کوردستاندا رویداوە بێئەوەی زانایان و پسپۆران لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەیان لە سەر کردبێ.

بۆیە هەلبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دادەنرێت. لە لایەکی تر پرۆسەی گەشە پێدانی سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم خێراتر لە رابردوو، بە تین و گورتر خزایە ناو بوارەکانی بیری سیاسی، رۆشنبیری، جولانەوەی رزگاری نەتەوەیی، بەلام تا ئێستا دەربارەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان، لەگەڵ ئاستی هۆشیاری سیاسی خەلکی کوردستان لێکۆلینەوەی بەراوردکارانە نەکراوە.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سود لە چەندین سەرچاوەی زانستی وەرگیراوە، بە تایبەت ئەوانەی تیۆریای گەشە پێدانی سیاسیان داناوە لەوانە رۆبرت دال، هنتگتون، ئیستۆن، گابریل ئەلمۆند و چەندین سەرچاوەی تر.هەروەها بە پێویستمان زانی توێژینەوەکە دابەش بکەینە سەر چەند تەوەر و باسێك کە بریتین لە :

١-خەسلەتی گشتی پرۆسەکە.

٢-رێبازەکانی گەشە پێدانی سیاسی.

٣-سترۆکتۆری کۆمەلایەتی و سیاسی کۆمەلگای کوردی.

٤-ئامرازەکانیگەشە پێدانی سیاسی.

٥- پلورالیزمی سیاسی و دیموکراسی.

٦-کۆسپەکانی بەردەم گەشە پێدانی سیاسی.

٧-رۆلی ئیلیتی ( نوخبە )ی سیاسی کوردی لەم پرۆسەیەدا.

لەگەڵ پێشەکی و دەرەنجامەکان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە شیکردنەوە و تیشك خستنە سەر قۆناغەکانی گەشە پێدانی سیاسی و گەشەکردنی پرۆسەکە لە روی مێژووییەوە، هەروەها بەدیارخستنی رۆلی نوخبەی سیاسی کوردی لەم پرۆسەیە، جگە لەمە توێژەر هەولی داوە رێبازەکانی گەشە پێدانی سیاسی بخاتە روو بە تایبەت کە دید و بۆچوونی زانایانی رۆژئاوا لەم بوارە رایەکی یەکگرتویان نیە لە چۆنیەتی بەرێوەبردنی پرۆسەکە و گرنگی دان بە کام پرەنسیپ لە بنەما سەرەکیەکانی.

بۆ نوسینی ئەم بابەتە میتۆدی تەجریبی-مێژوویی بەکار هێنراوە کە یارمەتی زۆری داوین بۆ دەرخستنی دەرەنجامەکان.

## خەسلەتی گشتیی پرۆسەکە

پرۆسەی گەشە پێدانی سیاسی بریتیە لە سەرجەم گۆڕانکاریەکانی سیاسی وەك گەشەکردنی روحی دیموکراتیەت و زیادبوونی بەشداری سیاسی خەلك و فراوان بوونی دامەزراوەکانی مەدەنی و بەشداری کردنیان لە پرۆسەی دروستکردنی بریاردان. ( ١ )

زاراوەی گەشە پێدانی سیاسی لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا زۆرکەم بەرچاودەکەوێ، هەرچەندە چالاکیە سیاسیەکان و پرۆسە سیاسیەکانی کوردستان کە لە لایەن ئیلیتی( نوخبە )ی سیاسی کوردی لە بواری پێکهێنانی پارت و رێکخراوی سیاسی،

بەستنی کۆڕ و کۆنفرانس، دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤـار خەسلەتی مۆدێرنـی پێوە دیـارە. کـە ئەمـەش زۆر بـە ئاشکرا بـە هـۆی فاکتەری گۆڕان و گەشەکردنی پەیوەندیە ئـابوری و کۆمەلآیەتیـەکانی خـەڵکی کوردسـتاندا بەرچاودەکـەوێ. کـە نـەدەکرا لـەم پرۆسەیە دابڕێن، چونکە لە سەدەی بیستەم پرۆسەی گەشە پێدانی سیاسی بەشێکی زۆری میللەتـان و وڵاتـانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراستی گرتبۆوە.

بەڵام ئیلیتـی سیاسـی کـوردی لـە گەشـە پێدانی ژیـانی سیاسـی کوردسـتان جگـە لـە میتـۆد و فەلسـەفەی مارکسـیزم کـە سەردەمانێك پەیڕەوی لێدەکرا تـا سالّی ۱۹۹۱ گرنگیان بە بوارەکانی تری ئەم پرەنسیپە نەدەدا.

گەشە پێدانی سیاسی بە عەرەبیەکەی (التنمیة السیاسیة) بە زاراوە ئینگلیزیەکەی Modernization لە دوای جەنگی جیهانی دووەم سەرنجی زانایانی راکێشاوە بۆ دیراسەکردنی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەدیارخستنی هۆکارەکانی دواکەوتنیان. (۲)

لێکۆڵینەوەی پرۆسەی گەشە پێدانی سیاسی لە کوردستانی عیراق تـا رادەیەك زەحمەتە، چونکە یەکەم: بە درێژایی سـەدەی بیستەم تـا سالّی ۱۹۹۱ کوردستان و گەلەکەی لە ژێر چە پۆکی داگیرکەران بوونـە و کـورد دەسـەڵاتی سیاسـی بەدەسـتەوە نـەبووە تـاوەکو بتوانیّ بەرنامەی بۆ دابنیّ و لە رێگای کەناڵە جیاجیاکان پـەیوەندی راسـتەوخۆ بەجـەماوەر بکـەن و ئاسـتی هۆشـیاری سیاسیان بەرز بکەنەوە و ئەنجامەکەشی کۆمەڵێك فاکت و بەڵگە بۆ توێژەران بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

دووەم: بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سیاسەتی کوردی بە خەباتی چـەکداری گرێدرابـوو کـە رۆڵـی سیاسـی بـە بەراورد کردن لەگەڵ بوارە سەربازیەکاندا کەمتر گرنگی پێدراوە، بەمـەش نوخبـەی سیاسـی کـوردی تـاڕادەیـەك لـە جـەماوەری شارەکان دابڕابوون و وەکو پێویست پەیوەندیەکانیان بەهێز نەبوو. (۳)

## رێبازەکانی گەشە پێدانی سیاسی

کێشەی لەسەرخۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا لەبوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەلآیەتی، فەرهەنگی دەمێکـە لەلایـەن زاناکـان و کۆمەڵناسـەکان بـایـەخی پێدراوە. بـەڵام گرنگیـدان بـەم کێشـەیە زیـاتر لـەتیۆریاکانی کۆنـت، مـارکس، ڤیبێـر، دورکهێیم، سپێنسەر، بەدیاردەکەوێت، کەمیتۆدۆلۆجیای تـازەیان بۆ سۆسیۆلۆجیاو زانستە کۆمەلآیەتییـەکان دارشـتو بۆچوونـی تـایبـەتو جیاجیایان بۆ گەشەکردنی بوارەکانی ژیانی کۆمەلآیەتیو سیاسی داهێنا. (٤)

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیش لەوڵاتانی رۆژئاوا، بەتـایبەت لەوڵاتە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا کۆمـەڵێك لـەزانایانی سیاسیو سۆسیۆلۆجی درێژەیان بەرێبازەکانی ئەم زانایانە داو رێبازی نوێ تریان داهێنا، هەموو ئەوانە گەڕانێك بوون بـەدوای دۆزینەوەی کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی دواکەوتنی سیاسیو ئابوری وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین. (٥)

بەڕای ئەوان گۆڕانکاری کۆمەلآیەتی- سیاسی پرۆسەیەکی حە تمییە، هەموو ئەو کۆمەڵگایانـەی لەئاسـتی نزمـی ئـابوری، سیاسی، کۆمەلآیەتییدان دەبێت بەو رێگایانە تێپەڕن، کـەوڵاتانی پێشـکەوتوی جیـهان پێیـتێپـەڕیون، دیـارە هـەر کۆمـەڵگاو بەگوێرەی خەسڵەتی نەتەوەیی خۆی بەم پرۆسەیەدا تێپەڕ دەبێت. زۆربەی زاناکانیش جگە لەمارکس جـەخت لەسـەر هـەنگاوی ئاشتیانەی ئـەم پرۆسـەیە دەکـەن، کەبـەڕای ئـەوان بـەردەوام پێشکەوتنی کۆمەلآیـەتیو گۆڕانکـاری سیاسـی ئـەو دەرفەتـەی لەبەردەم دانراوە. (٦)

تیۆریـای مۆدێرنکردنـی سیاسـی بـەکردەوەو پراکتیـك بەیـەکێك لەقۆناغـەکانی مێژووی وڵاتـانی پێشـکەوتوی جیـهان تێپەڕیوەو سەرکەوتنی بەرچاوی هەبووە، بۆیە ئەم تیۆریایە دەکرێت ببێتە رێنمایی بۆ وڵاتانی ئاسیاو ئـەفریقیاو ئـەمریکای لاتین، کەهەنگاودەنێن بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لەبوارەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەلآیەتیو..هتد. (٧)

تیۆریستەکانی بەمۆدێرنکردن رایانوایە، کەئەم پرۆسەیە دەکرێت لەلایـەن ئێلیتـی (نوخبة) سیاسی عـەقلانیو علمـانی بەدانانی پلانێکی ناوەندی هەمەلایەنە سەرکردایەتی بکرێت، بۆئەوەی وڵاتی خۆیان لەدواکەوتویی رزگاربکەن. (۸)

بەڕای ئایزنشتاد گەشە پێدان بریتییە لەگواستنەوەی کۆمەڵگا لەقۆناغی تەقلیدیـەوە بـۆ قۆنـاغێکی مۆدێـرن وەك ئـەوەی لەئەوروپای سەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەم روویدا لەبوارەکانی ئابوری، کۆمەلآیەتی، سیاسیو فکری. (۹)

هەڵبەت کۆمەڵگای تەقلیدیو کۆمەڵگای هاوچەرخ وەك دوو چەمکی سەرەکی تیۆریای بە مۆدێرنکردن پشت بە پۆلێن کردنەکەی ماکس ڤێبێر دەبەستێت، کەکردەوە کۆمەڵایەتییەکانە ئەو پێی وایە کە خەسڵەتی کۆمەڵگای تەقلیدی بریتییە لەکردەوە کۆمەڵایەتییەکان واتە ئەو کردەوانەی کەلەسەر بنەمای عەقڵو مەنتیق دانەمەزراو، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی ، کەسەردەمانێك کاری پێکراوەو جێگیربووەو بەمیرات ماوەتەوە وەك شتێکی تەقلیدی. (١٠)

کۆمەڵگای تەقلیدی: بریتییە لەکۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی کەزۆربەی ئەندامەکانی لەدێهاتەکان دەژینو سەرقاڵی کشتوکاڵن. خەسڵەتێکی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە بریتییە لەستروکتورێکی (بونیة) داخراوی کۆمەڵایەتی، کەبەزەحمەت خۆی دەداتە دەست گۆڕانکاری، بەتایبەت بەمۆدێرنکردنی هەرەمی سەرەوەی. (١١) جگەلەمەش زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە سەربەخۆییان نییە، واتە بەستراونەتەوە بەنەرێتی گشتی کۆمەڵگاکەوە. هۆشیاری ئایینیش زاڵە بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگاکە. دەسەڵاتی سیاسیش خەسڵەتێکی ئاڤتۆرتیاری (حوکمی فردی) دەسەڵاتخواز هەیە. ئەمجۆرە کۆمەڵگایە وەك باسمانکرد هەربە پێی سروشتی خۆی کەمتر خۆدەداتە دەست بەمۆدێرنکردن، زیاتر لەشوێن خۆی دەچەقێو گۆڕاندنیشی کاتێکی دوورودرێژی دەوێت. (١٢)

کۆمەڵگای هاوچەرخیش پشت بەکردەوە جیاجیا مەنتیقیەکانی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. لێرەدا بنەمای تەکنۆلۆجیای کۆمەڵگەی هاوچەرخ بریتییە لەبەرهەمی پیشەسازی، کەزەمینەخۆشکەری پێشکەوتنی تەکنیكو زانستە. لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا دانیشتوانی شار زاڵن بەسەر دانیشتوانی دێهاتەکان، ستروکتوری کۆمەڵگاکەش خەسڵەتێکی کراوەی هەیە کەخۆی بەئاسانی دەداتە دەست گۆڕان چ لەهەرەمی سەرەوەی کۆمەڵگاکە، چ لەلقەکانی خوارەوە. ئەم جۆرە کۆمەڵگایە لەژێر کاریگەریەتی سێکولیاریزم (علمانیەت) گەشەدەکاتو خۆی لەکاریگەریەتی ئەفسانە ئاینییەکان دووردەخاتەوە، تاکەکەسیش لەم کۆمەڵگایە سەربەخۆیی خۆی هەیە، (کە هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لەکۆمەڵگای هاوچەرخی دیموکراسیە، کە پرنسیپی ئیندڤیدوالیزم (الفردانیة) تیایدا پارێزراوە). (١٣)

لەهەمان کاتدا پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی چەند لایەنێکی هەیە. یەکەم لەئەنجامی گۆڕانکاری ئابوریو سۆسیۆ-کولتوری، کە پێشتر وردەنەتەوەو ئیتنۆ-ئایینی بونی هەبوو، نەتەوەی یەکگرتوو دروست دەبێت. بۆیە لەقۆناغی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیدا بیری ناسیۆنالیزم بەهێزدەبێت، بەتایبەت جوڵانەوەی نەتەوایەتی. (١٤)

لەجیاتی ستروکتوری سیاسی کۆن، دەزگای مۆدێرنی دەسەڵاتو بەڕێوەبردن دادەمەزرێت، لقەکانیو دامەزراوەکانی دەسەڵات لەیەکتر جیادەکرێنەوە، لەجیاتی ستروکتورەکانی عورفیو عەشایری، یاساو دامەزراوی یاسایی جێگیردەبن. (١٥)

هەروەها دەسەڵاتی شارەوانیو ناوچەییەکان تارادەیەك سەربەخۆیی خۆیان بەدەستدێنن. جەماوەرو کۆمەڵ تێکەڵی پرۆسە سیاسییەکان دەبنو کاریگەریەتیان لەسەر دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز دەبێت.

شایانی باسە کە تیۆریای مۆدێرنکردنی سیاسی سێ جۆرە ڕێباز بەخۆوە دەگرێت:

ترادیسیۆنی (تەقلیدی)، لیبرالی، چەپی رادیکال، هەریەك لەم ڕێبازانە بە پێی جیهانبینی خۆی لەمۆدێرنکردنی سیاسی دەگات، هەریەك لەمانە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی دیموکراسیەت، هەریەك لەم ڕێبازانە پێشبینی تایبەتی خۆی دەربارەی دواڕۆژی پرۆسەی بەمۆدێرنکردن هەیە. (١٦)

گەشەپێدانی کۆمەڵ واتا هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانی باوك سالاری واتە گۆڕانکاری لەبواری دیمۆگرافیو ستروکتوری نیشتەجێی خەڵك، لەلایەکی تر نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان رەگەزی نێرو مێ، دامەزراندنو کارکردنی کەسەکان بە پێی پسپۆڕیو لێهاتوویيو بە پێی زانینیان لەبوارە جیاجیاکانی زانستو کار. (١٧)

کەواتە ئەم جۆرە وەرچەرخانو گۆڕانکارییە جۆرە کۆمەڵگایەکی نوێو هاوچەرخ دروست دەکات، کەتاکەکەس هەست بەکەسایەتی خۆی دەکاتو بەهای ئیندڤیدرالیزمی (الفردیە) وەك پرنسیپێك لەلابەهێز دەبێتو هەوڵی پاراستنی دەدات ئەمە جگە لەوەی کە پرۆسەی بەمۆدێرنکردن ژیانی روحیو کولتوریو فەرهەنگیش دەگرێتەوە، لەم پرۆسەیەدا بەر لەهەموو شت ئاین لەزانست جیادەکرێتەوە، شتە مەنتقییەکان لەشتە نامەتیقییەکان جیادەکرێنەوە، عەلمانیەت (علمانیەت) بەسەر لایەنەکانی ژیانی سیاسیو کولتوری زاڵ دەبێت. بەمەش خوێندەواری لەناو کۆمەڵ پەرەدەستێنێو کەناڵەکانی پەیوەندی

کولتوری بەهێز دەبێت، پلورالیزمی بیرو جیهانبینی گەشەدەکات، کەئەنجامەکەی وردەوردە کۆمەڵ لەکولتوری رابوردوی خۆی دوور دەکەوێتەوەو بەدوای ژیانێکی بەختەوەرترو مەنتقیانەتردا دەگەڕێت. ( ١٨ )

بەلاّم رێبازی مۆدێرنکردنی سیاسی چە پڕەو بەتایبەت رادیکالەکان و مارکسیزمی کلاسیکی باوەڕیان بەگۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە لەدەست بەسەرداگرتنی کەرتەکانی ئابوری و هێزەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. لەم ڕوانگەیەوە چە پە رادیکاڵەکان رایانوایە بەنهێشتنی جیاوازی چینایەتی و دانانی بەرنامەی هەمەلایەنە کەتەواوی بوارەکانی ئابوری، کۆمەلاّیەتی، سیاسی، فەرهەنگی‌یە، دەکرێ کۆمەڵگای دواکەوتوی تەقلیدی بەرەو کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو بگوازرێتەوە. ( ١٩ )

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانج و بۆچوونەی خۆیان، چە پە رادیکالەکان باوەڕیان بەبەکارهێنانی زەبروزەنگ و شۆڕشی چەکداری هەیە. ( ٢٠ )

بەلاّم نابێ ئەوەش لەبیربکەین، کەچە پە رادیکالەکان دەربارەی سیستێمی سیاسی باوەڕیان بەفرە پارتایەتی، دیموکراسی پەرلەمانی، ئایین، بازاڕی ئازاد، ئیندڤیدوالیزم، کەسەرجەمی ئەمانە پرنسیپ و بەهای ولاّتانی رۆژئاوایە نی‌یە. ( ٢١ )

گەشە پێدانی سیاسی لەدیدوبۆچوونی لیبرالەکانی ولاّتانی رۆژئاواو بەتایبەت ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە.

هەژاری و دواکەوتوویی و بێکاری و ئاستی نزمی بەرهەمهێنان و پیشەسازی لەولاّتانی جیهانی سێیەمی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین سەرنجی زانایانی ولاّتانی رۆژئاوای راکێشا بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشانە بکەن و بتوانن دەستنیشانی هۆکارەکانی دواکەوتن بکەن و لە ئەنجامیشدا بەرنامەیەك بۆ چارەسەرکردنی دابنێن. ( ٢٢ ) زۆربەی زانا لیبرالەکان لەسەر ئەو رایە رێکن و ناکۆکیان نییە، کەدەڵێت ولاّتانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکای باکور ئەزمونێکی چاکیان هەیە لە پێشکەوتنی ئابوری و سیاسی و کولتوری، دەکرێ ولاّتانی دواکەوتوو بەهەمان ئەو پرۆسەیدا بڕۆن، کەولاّتانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکا پیاڕۆیشتن و گەشەیان کردوە، ئەوان ئاماژە بۆ رۆڵی ئیلیتی( نوخبە )سیاسی ولاّت دەکەن، کەدەکرێ ببنە پێشەنگ و رێبەری ئەو پرۆسەیە. ( ٢٣ ) لیبرالەکان جەخت لەسەر بەهاکانی دیموکراتیەتی پەرلەمانی، هەڵبژاردنی گشتی و ئازاد، پلورالیزمی سیاسی، بازاڕی ئازاد، پاراستن و جێگیرکردنی بەهاکانی ئازادی و یەکسانی تاکەکەس دەکەن و ئێجگار گرنگن بۆ هەنگاونان بەرەو بەمۆدێرنکردنی ژیانی سیاسی ولاّت و بەرزکردنەوەی کولتوری سیاسی هاوولاّتیان و تێکەڵبوون و رۆڵیان لە پرۆسەو گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناو ولاّتدا. ( ٢٤ )

هەر لەبواری گەشە پێدانی ژیانی سیاسی بەشێك لەزانایان، کەزاراوەی کۆنسێرڤاتیزمی ( پارێزگاران ) سیاسیان بەسەر دابڕاوە رایانوایە، "کە پرۆسەی بەمۆدێرنکردن، دەکرێت لەلایەن دەسەلاّتی ترادیسیۆنی ( تەقلیدی ) سیاسی ولاّتیشەوە بکرێت. چونکە گۆڕانکاری بە پەلەوخێرا لەولاّتانی دواکەوتوو، کەهێشتا پەیوەندی خێڵەکی و دامەزراوە کۆمەلاّیەتیە تەقلیدیەکانی تیادا بەهێزە، کەهێشتا کۆمەڵگا لەقۆناغی کشتوکاڵیدایەو ولاّت بە پیشەسازی نەکراوە، ناکرێت سیستێمی سیاسی ولاّتانی ئەوروپا لەم کۆمەڵگایانە جێبەجێبکەی، چونکە ئاستی سیاسی و هوشیاری لەم جۆرە کۆمەڵگایانە لەکزی و دواکەوتوویی دایە، هەرجۆرە پەلەکردنێك دەبێتەهۆی نائارامی و شەڕوئاژاوە لەنێوان مۆدێرنیستەکان و پارێزگارانی نەرێت و کولتوری کۆن، ئەوا پرۆسەکە پێویستە لەسەرخۆو بەهەنگاوی مەنتیقییانە گەشەبکات. ئەرکی دەسەلاّتدارانی ولاّت لەم بوارە سەرەتا دەبێت لەبواری ئابوری و فەرهەنگییەوە گەشە بەکۆمەڵگا بدات ئینجا باس لەئازادییە سیاسییەکان و هەڵبژاردن و گۆڕان لەسیستێمی سیاسی ولاّت بکەن". ( ٢٥ )

کتێبخانەی زانکۆ

## ستروکتوری کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمەڵگای کوردی

کۆمەڵگای کوردستان لەبواری ئابورییەوە بەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دادەنرێت، تانیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەئاستی کزیو دواکەوتوییدا بوو، تارادەیەکی زۆر دەرەبەگانە بوو، پێوەندی خێڵەکی تەقلیدی لەناو کۆمەڵگای کوردییدا جێگیر بوو، هەر بەم شێوەیەش ئاستی هوشیاری سیاسیو ستروکتوری سیاسی کۆمەڵگای کوردستان دواکەوتوو بوو. ئەم جۆرە بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسییە کاریگەریەتی خۆی هەبوو لەسەر دروست نەبوونی نەتەوەی کورد بەگوێرەی چەمکی نەتەوەو ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی ئەوروپا کەنەتەوە دەبەستنەوە بە بوونی دەوڵەتێك وەك ئەوەی نەتەوە، یەك خەسڵەتی یەکگرتوی هەبێت لەبواری ئایین، زمان، کولتور، ئابوری.... هتد. (٢٦)

هەڵبەت دروست نەبوونی ئابووری سەرمایەداریو بازاڕی هاوبەش لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، رێگربوو لەبەردەم بەمەدەنی بوونی خەڵکی کوردستانو دروست بوونی بنکەو خوێندنگاو ناوەندە رۆشنبیرییەکان. بێگومان ئەمانە گشتی یاریدەدەر بوون، بۆئەوەی ئێلیتی (نوخبە) ترادیسیۆنی (تەقلیدی) کوردی، کە پێکهاتبوون لەدەرەبەگو شێخو کەسانی پایەبەرزی ناوکۆمەڵی کوردستان دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆیان بپارێزن، ئەم ئێلیتە چونکە ئاستی هوشیاری سیاسیو نەتەوایەتیان کز بوو، لەناوخۆیشیاندا یەکگرتوو نەبوون، خاوەنی بەرنامەو رێبازێکی سیاسی دیاریکراو نەبوون، بۆیە کۆششەکانیان بۆگەیشتن بەئامانجە سیاسیو نەتەوایەتییەکانیان سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا. (٢٧) راپەرینە چەکدارییەکانیان خەسڵەتێکی سەرتاسەریو گشتی بەخۆوەنەدەگرت: (جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردی لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دواکەوتوو دەستی پێکرد. کۆمەڵگایەکی نیوە کۆلۆنیایی، لەبەرئەوە لەلایەك لەناو ئەم جوڵانەوەیەدا نوێنەرانی دوو چینی هاوچەرخ بۆرژاو پرۆلیتاریا بوونی نەبوو، لەلایەکی تریش نەبوونی ژمارەیەکی وەك پێویست لەرۆشنبیرانو خەڵکی خوێندەوار. خەسڵەتی ئەم جوڵانەوەیە ئاپۆری خەڵکی نەخوێندەوار بوو، کەلەژێر کاریگەریەتیو رابەرایەتی سەرۆکە خاوەن جەماوەرەکاندا بوون بەرۆحێکی ناسیۆنالیستانە جۆشدرابوون لەوانە شێخ مەحمودی بەرزنجی). (٢٨)

کەواتە ئێلیتی سیاسی کۆمەڵایەتی تەقلیدی کوردی لەمێژووی خۆیاندا خاوەنی ئایدۆلۆجیای سیاسی نەبوون. زانستو خوێندەواریش لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا لەچوارچێوەی مەدرەسەی ئایینی پەرەی سەندوە لەبوارەکانی فەلسەفەو لیریکاو شیعرو تەسەوف کە لەسەدەکانی رابووردودا کورد خەڵکی گەورەو لێهاتووی لێ پەیدا بووە. (٢٩) هەستی نەتەوایەتیو هۆشیاری سیاسی لەبەرهەمە شیعرییەکانی هەندێ شاعیرانی کوردی سەدەکانی رابوردوو سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەدیدەکرێت، بەڵام ئەم هەستانە تەنها لەچوارچێوەیەکی داخراودا مانەوە بەسەر جەماوەری کوردستاندا نەگشتێنداربوون. (٣٠)

دروست نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستو وابەستەیی کوردستانو نەتەوەکەی بەهەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ئێرانی ناوچەکە کەئەم دوو زل هێزە سیستێمی سیاسیان لەسەر بنەمای ئیسلامیو شەریعەتو دامەزراوە تەقلیدییەکانەوە دروستکرابوو، زیاتر یاریدەدەر بوون بۆ بەهێزکردنی دامەزراوی تەقلیدی کۆمەڵگای کوردەواری. (٣١)

لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکانی خێڵ، هۆز، تیرە، بنەماڵە، بناغەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی کوردستان بوو.

کوردستان وەك وڵاتێکی شاخاوی سەخت، کشتوکاڵەکەی پشتی بەئاوی باران بەستبوو، رێگای دەریاییو مۆدێرنی بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە نەبوو، لەناو خۆیشیدا پەیوەندییەکان دیاریکراوبوونو لەئاستێکی ئێجگار کزو لاوازدا بوون، هەموو ئەو هۆکارانە ستروکتوری کۆمەڵگای کوردیان تاسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم وەکو خۆی هێشتبووەوە، بۆیە شێوازی بەرهەمهێنانو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان هەمان خەسڵەتی سەدەکانی رابووردوویان پێوە دەبینرا. (٣٢) پرۆسەی بەمۆدێرنکردنیش لەبەر دابڕانو داگیراکراوی کوردستان لەبواری سیاسیو ئابوورییەوە هەستی پێنەدەکرا.

## ڕۆڵی ئێلیتی (نوخبە)ی سیاسی کوردی لەم پرۆسەیە:

دروستبوون و گەشەکردنی ئێلیتی سیاسی کوردی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە، ئەگەر پێشتر ئێلیتی سیاسی کوردی لە ئێلیتی ئایینی، ئابوری، ئەرستۆکراتی کوردی پێکهاتبوو، بەشێوە تەقلیدی و کلاسیکییە کوردی و ڕۆژهەڵاتییەکە، لەگەڵ واقیعەکەدا هەڵوێستی خۆی وەردەگرت، ئەوا لەدوای لکاندنی کوردستانی باشوور بە عیراق و گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی لە سەدەی بیستەم، واقیعێکی نوێ دروستبووە، کە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی. گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهات و خەسڵەتێکی مەدەنیانە و هاوچەرخانەی بەخۆوەدیت، هاوکات لەژێر کاریگەریەتی ئەم گۆڕانکارییانە ئێلیتی سیاسی هاوچەرخی کوردی سەریهەڵداو لە هاوکارلێکردندا لەگەڵ دەوروبەرەکەی توانی گەشەبکات و ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە بوارەکانی هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی، ئابووریی، فەرهەنگی و.. هتد. (٣٣)

هەڵبەت دروستبوونی ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی ئەنجامی پرۆسەیەکی سروشتی بوو لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا، چونکە گۆڕانکارییەکانی بواری ئابوری و ستروکتورەکانی دامەزراوە نوێیەکانی ساڵانی بیست و سییەکان هەنگاوێکی نوێ و خێرابوو لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

دیارە ئەو گۆڕانکارییانە زیاتر کاریگەریەتی ئینگلیزەکانی لەسەرە لە دروستکردن و لێك جیاکردنەوەی دامەزراوە مەدەنی و عەسکەرییەکان، ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە بایەخدان بە بوارەکانی مەدەنی و ئیداری لەسەردەمی عوسمانییەکان بوونی نەبوو، ئەمەش لەبەرئەوەی لەلایەك دەوڵەتی عوسمانی خۆی دواکەوتوو پارێزگار بوو، لەلایەکیتر سیستێمی تیۆکراتی عوسمانییەکان سیاسەتێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر کوردو نەتەوە ناتورکەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکەیان گرتبووەبەر و جگەلەمانەش بە مۆدێرنکردن لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی سوڵتانی عوسمانی ناکۆك بوو. (٣٤)

یەکێك لە فاکتەرەکانیتری دروستبوونی ئێلیتی سیاسی هاوچەرخی کوردی لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی جیاجیای نەتەوەیی بوو لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییەتیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەو هوشیارکردنەوەی بیری نەتەوەیی لەناوچەکەدا. (٣٥)

دروستبوونی قوتابخانەو خوێندنگاو دامەزراوی جیاجیای عەلمانی، تێکشکانی ڕاپەڕینەکانی ساڵانی بیست و سییەکان لەژێر ڕابەرایەتی ئێلیتی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەقلیدی کوردی، هۆکارێکیتر بوون بۆ دروستبوون و هاتنە مەیدانی ئێلیتی سیاسی کوردی هاوچەرخ بە بیروباوەڕێکی مۆدێرنیستانە، کە بەڕاستی پەیامێکی نوێیان بۆ نەتەوەکەیان پێبوو لە بواری بوژاندنەوەو بەرەو پێشبردنی ئاستی هۆشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری نەوەکانی ئەو سەردەمی کوردستان. (٣٦)

ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی پێچەوانەی ئێلیتی سیاسی تەقلیدی کوردییە لە بوارەکانی بیری سیاسی و جیهانبینی و هەڵوێستیان بەرامبەر بە ژیان و گۆڕان و دەوروبەر، ئێلیتی کلاسیکی و تەقلیدی پارێزگارە، دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی میراتگر لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر هەر لەدەست خۆیان دەمێنێتەوەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاڕاستە دەکرێت. بەڵام ئێلیتی مۆدێرن لە ئەنجامی بەهرەو لێهاتوویی و چالاکی سیاسی کەسە دیاریکراوەکان دروست دەبێت، کە بەحوکمی زیرەکیان لە کەسانیتری ئاسایی جیادەکرێنەوەو لە پلەکانی خوارەوەی ناو کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن و بۆ ئاستەکانی سەرەوە بەرزدەبنەوە، ئێلیتی مۆدێرن باوەڕی بە گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ هەیە، لەگەڵ بیرو ئایدۆلۆژیای هاوچەرخ مامەڵە دەکات. (٣٧) ئەم جۆرە ئێلیتە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا لە پرۆسەی بە مۆدێرنکردندا، لە گواستنەوەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگای سەنعەتی خەسڵەتێکی ناسیۆنالیستانەیان هەیە، لەدژی دامەزراوە تەقلیدییەکان خەبات دەکەن، دەیانەوێت لەژێر کاریگەریەتی (عەلمانیەت)، بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بگۆڕن و بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوو تری بەرن. (٣٨)

ئەم دوو دیاردەیەی ئێلیتی سیاسی کورد بە ئاشکرا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەدیدەکرا، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانەو ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پرۆسەی بە مۆدێرنکردنی ئێلیتی سیاسی نوێی کوردییە، کە لە ئەنجامی لێهاتوویی و چالاکی سیاسی و لە خانەکانی خواری خوارەوەی کۆمەڵگای کوردییدا سەریان هەڵداوەو بەرزبوونەتەوەو گەیشتوونەتە ناوەندی بڕیار لە دامەزراوە سیاسییە کوردییەکاندا. (٣٩)

شایانی باسە بناغەکانی سەرهەڵدانی ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکان، ئەوکات نەوەی تازە، کە دەرچووی کۆلێژو خوێندنگا مەدەنییەکانی ئەو سەردەمی بەغداو کوردستان بوون، لە ڕێگای شارەزاییان لە زمانی

ئینگلیزیو عەرەبییەوە ئاشنایەتیان، لەگەڵ کولتووورو زانستی میللەتانی پێشکەوتووی بێگانەدا پەیداکردبوو، هەر ئەو سەردەم ئەو گروپە لەڕۆشنبیرانی کورد لەڕێگای شیعرو پەخشانو گوتاری سیاسیو کۆمەڵایەتی هەستی ناسیۆنالیستیان پێوە دەبینرا، ئەمانە دەستیان کرد بەگەشە پێدانی چاپەمەنی کوردی (گۆڤارو نامیلکە) (٤٠)، ئەم جووڵانەوە رۆشنبیرییە گەشەی کردو چوارچێوەیەکی سیاسی پێکهێنا لەدروستکردنی رێکخراوی سیاسی کوردی (حزبی هیوا)، پارتی سیاسی وەك دامەزراوێکی مۆدێرنیستانە، کەبتوانێت بەشێوەیەکی رێكو پێك زۆرترین جەماوەر بەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بەبیروباوەڕێکی دیاریکراو گۆشیان بداو رێکیان بخات بۆ یەکەمینجار لەسەر دەستی ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی دامەزراو دواتر لەسەر بنەما جیاجیاکانی بیرو ئایدۆلۆژیای سیاسی پارتیش وەك دامەزراوێك لەلایەن ئێلیتی مۆدێرن پۆلێنکراو فرەپارتایەتی لەقۆناغی خەباتی ژێرزەمینی بوو بەنەرێتێك لەمێژووی هاوچەرخی سیاسی کوردییدا. (٤١)

لەگەڵ گەشەکردنی بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو دامەزراوە مەدەنییەکانی کوردستاندا، ئێلیتی سیاسی هاوچەرخیش لەڕووی چۆنایەتیو چەندایەتییەوە گەشەی دەکرد، ئەم گەشەکردنە ئەنجامی وەرچەرخانو گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوو لەکۆمەڵگای کوردستاندا، ئەنجامی سەنعەت بوونو بەمەدەنی بوونی شارەکانی کوردستان بوو، کەوردەوردە لەگەڵ پەرەسەندنو گەشەکردنی شارەکانو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەبواری دروستکردنی خوێندنگاو دامەزراندنی کارگەو دەیان دامەزراوی جیاجیای مەدەنی، کەسیماو خەسڵەتی شارستانیان پێوە دیاربوو چینەکانی کۆمەڵیش لەیەکتر جیادەکرانەوەو توێژی کۆمەڵایەتی تازە دروست دەبوو، کۆچکردنی جوتیاران بەرەو شارەکانو نیشتەجێبوونیانو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کولتووری شار بە پرۆسەیەکی دەیان ساڵە نەوەی تازەو خوێندەوارو دەرچووی کۆلێژە جیاجیاکانی شارەکانی عیراق، بەگشتی بوونە پێکهێنەری نوخبەی تازە لەڕۆشنبیرانو بازرگانانو مامۆستایانو نووسەرانو پارێزەرانو هتد. (٤٢)

ئێلیتی رۆشنبیری کوردی ئەو سەردەمە بەردەوام لەژێر کاریگەریەتی کولتوورو ئایدۆلۆژیای ناوچەکەو جیهاندا بوو، ئەگەر جوڵانەوەی دژە ئیمپریالیستی لەنێو عەرەبەکانی عیراقدا پەرەی دەسەندو دابەش دەبوون بەسەر رێبازی چەپڕەوی دژە ئیمپریالیزم، لەهەمان کاتدا رێبازی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعیراق دروشمی دژە ئیمپریالیزمیان بەرزدەکردەوەو ئامانجی سیاسی خۆیان رادەگەیاند. (٤٣) ئەمجۆرە جوڵانەوە سیاسییەی عەرەبی عیراق، کەکیانێکی نەتەوەییو دەوڵەتیان هەبوو، کاریگەریەتی زۆری بەسەر رۆشنبیرو نوخبەی سیاسی کوردییدا هەبوو، بۆئەوەی هەنگاوی تازەو نوێ بنێن بۆ هۆشیارکردنەوەی ئاستی نەتەوایەتی گەلەکەیانو لەگەڵ پرۆسەی سیاسی سەردەم بڕۆن، هەربۆیە هەندێ لەڕۆشنبیران تێکەڵ بەجوڵانەوەی چەپڕەوبوونو رایان وابوو مۆدێرنیزمی سیاسی مارکس بەهایەکی بەرزە وەك ئایدۆلۆژیاو بیری سیاسی، کەبتوانن لەژێر گوتارەکانی ئەم بیرەدا کۆمەڵگاو وڵات بەرەو مەدەنیەتو شارستانیەتو رزگاری نیشتمانی بەرن، (٤٤) دروستبوونی دوو رێکخراوی سیاسی چەپڕەو (رزگاریو شۆڕش)، لەناوەڕاستی ساڵانی چلەکان زادەی ئەم بیرکردنەوەیەی ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی بوون، گرنگە ئەوەش بڵێین، کەئەگەرچی بیری مارکسیزم لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ روسیا لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست بڵاوبۆوە، بەڵام دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەژێر سێبەری لەشکری سووری سۆڤیەتی زیاتر هاندەربوون بۆ بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیزم لەنێو رۆشنبیرانی کوردستاندا، مەدحو ستایشی مارکسیزم بەئاشکرا لەئەدەبیاتی کوردی ئەو سەردەمە رەنگی داوەتەوە. (٤٥)

جگەلەمانەش چەندین بڵاوکراوەو گۆڤارو چاپەمەنی جیاجیا بڵاودەکرانەوە، کەبانگەوازی بیری سیاسی چەپڕەوی تێدا بەدیدەکران. (٤٦)

گەشەکردنی بیری رزگاریخوازی نەتەوەیی لەوڵاتانی جیهانی سێهەمو بڵاوبونەوەی بیری ناسیۆنالیزم، بێگومان کاری کردۆتەسەر رۆشنبیرانی کورد، چونکە کوردستان وەك ناوچەیەکی جوگرافی دەکەوێتە ناو جەرگەی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت رووداوە سیاسییەکان، ئەگەر بیری نەتەوایەتی لەڕابوردوودا بەکزیو کەمی لەنێو چەند سەرۆك هۆز یان شێخو سەرۆکێکی ناوچەیی کوردستاندا بوونی هەبوو بەشێوەیەکی دواکەوتوو، دوور لەئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی، ئەوا لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئەو پەیامە لەلایەن ئێلیتی رۆشنبیریو سیاسی کوردەوە ئیتر بڵاودەکرایەوەو کاری بۆ دەکرا، بەڵام ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی توانی بیری نەتەوایەتی بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر لەجاران، لەچوارچێوەیەکی تاڕادەیەك

زانستی پشت ئەستوور بەکۆمەڵێك زانیاری مێژوویی و جوگرافی و ئیتنۆگرافی بخاتەبەردەم نەوەی تازەو خەڵکی بێگانـە، واتـە گوتـاری سیاسی مۆدێرنی کوردی دوور بوو لەسۆزو ئەفسانە، واقیعیانە تەماشای کێشەی کوردو مێژووەکەی دەکرد.

## ئامڕازەکانی گەشەپێدانی سیاسی

بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەمۆدێرنکردن فاکتەرێکی گرنگـە بـۆ پێشکەوتنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی لـەبوارەکانی ئـابووری، سیاسی، رۆشنبیری، وەك باسمان کرد لـەولاتـانی جیهـانی سێهەم دەسـەڵاتدارانی سیاسی شێوازی جیاجیـاو ئـامرازی جیاجیـا دەگرنەبەر بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان، ئەمەش ئەگـەر بـەراوردی بکـەین، لەگـەڵ واقیعی سیاسی کوردستـان جیاوازییـەکی گەورەی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی چەوساوەو بێدەسەڵاتین لەبواری سیاسی و ئابووری، دیارە ئـەو دوو دەسەڵاتە گرنگن و رۆڵێکی سەرەکی دەگـێڕن لە پرۆسـەی بـەمۆدێرنکردندا، ئێلیتـی سیاسـی کـوردی بـەدرێژایی سـەدەی بیستـەم تـادەگاتە راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ۱۹۹۱ دەسـەڵاتی سیاسـی و ئـابووری کوردستـانی بەدەستـەوە نـەبووە، بۆئـەوەی بەرنامـەی گونجـاو لەگـەڵ دۆخـی سـەردەمەکەی دارێـژی بـۆ پێشکەوتنی ژیـانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی، بۆیـە پرۆسـەی بـەمۆدێرنکردن لەکوردستانـدا بەبەراورد لەگەڵ ولاتـانی ناوچەکـە کـزو دواکـەوتووتـرە، لـەم بـوارەدا دەتـوانـین ئـەزموونێکی بچووکـی کۆمـاری مەهاباد بەبیر خۆمان بێنینەوە، کەکەمتر لەساڵێکی خایاند، لەو ماوە کورتەدا نوخبەی سیاسـی کـوردی ئەگـەرچی تێکـەڵ بـوو لەنوخبـەی تـەقلیدی و رۆشنبیری، بـەڵام توانـرا هـەندێ کـاری مۆدێرنیستـانە بکرێـت وەك دامـەزراندنی کابینـەی وەزیـران، دامەزراوەکانی تری رۆشنبیری و عەسکەری و جەماوەری. (٤٧)

زاڵ بوونی بیری نەتەوایەتی بەسەر رۆشنبیرانی کورد بووەهۆی دامەزراندنی پارت و رێکخراوی سیاسی لەشاروشارۆچکەکانی کوردستانـدا، دروستکردنی پارت وەك ئامرازێکی نوێی کارکردن تیایدا خەڵکی بەشێوەیەکی رێك و پێك کۆبکرێتەوەو کۆمەڵێك پابەندیان بۆ دیاری بکرێت، بۆئەوەی دووربن لەکارکردنی عەشایری و ناوچەگەریەتی، هەروەها لەناو ئەو دامەزراوە نوێیەدا، کەخۆی لەخۆیدا ئامرازێکی رۆژئاواییە وەك پێداویستییەك بۆ رێکخستنی ژیانی گروپ و کەسەکان لەبواری سیاسی هاتۆتە کوردستان و لەلایەن ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی سودی لێوەرگیراوە، بوونی پارت لەناو کۆمەڵگای کوردی شتێکی نوێ بوو، پێشتر لەسەدەکانی رابردوودا بۆ ئێلیتی سیاسی تەقلیدی کوردی شتێکی نامۆبوو، دروستکردنی ئەم جۆرە دامەزراوە بوو بەئامرازێك، کەبەهۆیەوە بیری نەتەوایەتی خزایە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بوون بەئەندامی ئەم دامەزراوە کە رەنگە بەلای نیشتمانپەروەری کورد، بەهایەك بوو، بەهەموو شێوەیەك داکۆکی لێدەکرد، کەواتە پارتی سیاسی ئامرازێکی گرنگە بۆ گۆڕان و بەمۆدێرنکردن، چونکە دروستبوونی پەیوەندی بەئارەزووی کۆمەڵ هەیە و بەدەستپێشکەری نوخبەی سیاسییەوە هەیە، هەروەها پارتی سیاسی توانایەکی بەهێزی هەیە بۆ پەیوەندییکردن لەگەڵ کۆمەڵ لەڕێگای ستروکتورەکانی رێکخستنی، کەتەواو بڵاون و بەیەکەوە بەستراونەتەوە، جگەلەمانەش پارتی سیاسی لەڕێگای ئامانجە سەرەکییەکانی دەتوانێت چالاکییە نەتەوایەتییەکان جێبەجێ بکات بەمەبەستی مۆدێرنکردن، ئەم جۆرە چالاکیانەش کاتێك سەرکەوتن و ئەنجام بەدەستەوە دەدات، ئەگەر بێت و کۆمەڵ بەگشتی لایەنگری و هاوکاری پارتەکە بکەن، یارمەتی بدەن بۆ گۆڕانکارییە گرنگەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی هۆشیاری بەهاو ئەخلاقێکی نوێ. (٤٨)

نوخبەی سیاسی کوردی مۆدێرن لەڕێگای دروستکردنی پـارتی سیاسـی توانیـان پسپۆرانە ئـەم داهێنانـە نوێیـەیان لەگـەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان بگونجێنن، چونکە شتێکی ئاسان نییـە نوخبەیـەکی سیاسـی نـوێ لـەڕێگای پـەیامێکی سیاسـی و فکری نوێوە، بتوانێ رووبەڕووی دامەزراوی ترادیسـیۆنی (تقلیـدی) کۆمـەڵ بوەستێ و تـاڕادەیـەکی زۆر ئـەو دامەزراوانـە ناچـار بکات، پابەندی پەیامە نوێیەکەی ئەو بکات، پارتەکەش پیرۆزییەك بدات بەسەرۆکەکەی و سەرۆکە تەقلیدییە ناوچەییـەکان ناچار بکەن پابەندی سەرۆکی نوێی کارێزمایی سیاسی بن، دیارە ئەمەش لەڕێگای زانینی هونەری سیاسی بـەمۆدێرن کردنـەوە دەکرێت کاتێك پارتی سیاسی رێز لەهەندێ بەهاو کولتوری کۆمەڵایەتی تەقلیدی دەگرێت، گوتارە سیاسییەکانی لەگەڵ زمان و کولتووری ناوچە تەقلیدییەکە دەگونجێ و سەرنجیان بەلای خۆیدا رادەکێشێ، بەم شێوەیە وەك دیـارە شێوەی پەیوەندییـەکان بەکۆمەڵگاوە خەسـڵەتێکی سازشکارانەی هەیـە، نەڕادیکاڵـەو نـەخۆی پابـەندی تـەواوی بـەها تەقلیدییـەکان دەکـات. (٤٩)

هاوكات لەگەڵ شێوەی كاركردنی پارتدا، سەرۆكی كارێزمایش خەسڵەتێكی دوالیزمی (ازدواجی) پێوەدەبینرێت، علمانیو تەقیلدی كەزیاتر خەسڵەتی ئایینی پێوەدیارە. (٥٠)

لەمەش بترازێ ئامرازێكی تری بەمۆدێرنكردن بریتییە لەكەناڵەكانی پەیوەندییكردنو راگەیاندن، ئەم كەناڵانە بەیەكێك لەدیاردەكانی شارستانیو فاكتەری جێگیری سیاسی دادەنرێت.(٥١) ئەگەر پێشتر لەناو كۆمەڵگای تەقیلدی كەناڵەكانی پەیوەندیكردنو راگەیاندن خەسڵەتێكی ناوچەگەری، عەشیرەتگەری، دواكەوتوو بووبێت. ئەوا لەگەڵ گەشەكردنو پێشكەوتنی كۆمەڵ لەژێر كاریگەریەتیو لێهاتوویی نوخبەی سیاسی ئەویش پێینایە قۆناغێكی نوێو وەك پێداویستییەكانی ژیانی سەردەمی كۆمەڵگای هاوچەرخ بەگوێرەی ئاستی ژیانو پێشكەوتنی كۆمەڵگای كوردی پەرەیسەندو بوونی خۆی ساغ كردەوە.

ئەگەر پێشتر لەبەرنەبوونی ئازادی سیاسیو دیموكراسی ئەم جۆرە داهێنانە رێگای لێگیرا بوو، یان بەشێوەی نهێنیو ئاشكرا لەبەر نەبوونی بارودۆخی گونجاو لەبواری مادیو كولتووریو كادری پسپۆریو بواری سیاسی كۆسپی خرابووە بەردەم ئاسۆی گەشەكردنی، ئەوا لەگەڵ دەستپێكردنی خەباتی چەكداری لەساڵی ١٩٦١ نوخبەی سیاسی نەتەوەیی كوردی دەستیان كرد بەئامادەكردنی كادیرانی راگەیاندن، سیاسی، كاروباری كۆمەڵایەتی، لەم بوارە سوودیان لەشێوەی كاركردنی مۆدێرنی وەرگرت، كەتەواو لەگەڵ شێوەی خەباتی راپەرینە چەكدارییەكانی تەقیلدی كوردی جیاواز بوو، لەرووی چۆنایەتیو چەندایەتییەوە ناكرێ بەراوردیان بكەین، شێوازی خەباتی چەكداری شاخی ساڵانی شەستەكانو دواتریش لە پێكهاتەی هێزی پێشمەرگەو دابەشبوونی بەسەر هێزو لقو بەتالیۆنو پەلو دەستە گشتیان ستروكتورێكی عەسكەری مۆدێرن بوونو لەئەزموونی بێگانە وەرگیراون. كاركردنی هێزی پێشمەرگە لەژێر رێبەرایەتی نوخبەی سیاسیو عەسكەری ئەوكات جیاواز بوو، لەگەڵ هێزە عەشایرییەكانی راپەرینەكانی كوردی سەدەكانی پێشوو تاكۆتایی نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم. (٥٢)

دامەزراندنی رادیۆ بۆ شۆڕشو پەخشكردنی بەرنامە جیاجیاكانی خۆی لەخۆیدا دیاردەیەكی مۆدێرن بوو لە پرۆسەی سیاسی خەباتی چەكدارییدا، چونكە وەك ئامرازێكی تەكنیكی داهێنانی ئەم دەزگا نوێیە یەكە مجار بوو ئێلیتی سیاسی هاوچەرخی كوردی توانی راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەرو هێزی پێشمەرگە بدوێتو پەیامە نەتەوایەتییەكە بەئاسانی بگەیەنێتە هەموو ناوچەوماڵێك. دامەزراندنی ئەم جۆرە دەزگا نوێیە وەچەرخانێكی گرنگ بوو لە پەیوەندییەكانی نێوان شۆڕشو گەل، نێوان نوخبەی سیاسیو ئەندامو لایەنگرانی جوڵانەوەكەو پارتەكە، كەبەڕاستی بەدیاردەیەكی مۆدێرنو شارستانی لەژیانی سیاسیو خەباتی چەكداری كوردی حسێب دەكرێت.(٥٣)

ئێلیتی سیاسی هاوچەرخی كوردی بۆئەوەی ئاستی كێشەی كوردو جوڵانەوە رەواكەی گەشە پێبداتو لەگەڵ پێداویستییەكانی سەردەمی خۆی بگونجێ، دەستیكرد بەكردنەوەی خولی كادیران، سەدان لاوی كوردی خرانە بەردەم پەروەردەی حزبیو عەسكەری، ئەم جۆرە چالاكییانە دەبوونەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی سیاسیو رۆشنبیریو عەسكەری ئەندامانی پێشكەوتووی پارتو وەك كادیرێكی پێویست گۆشدەكران بەبیروباوەڕی نیشتمانیو ئامادە دەكران بۆ رێكخستنی جەماوەرو بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی شۆڕش لەگەڵ جەماوەرو گەلدا، ئەم جۆرە ئەزموونەش بێگومان دیاردەیەكی نوێ بوو، ئەزموونی وڵاتە پێشكەوتووەكانی جیهان بوو لەكوردستاندا پەیڕەوی لێدەكراو بەیەك دەنگو بەشێوەیەكی مۆدێرن دوور لەناوچەگەریەتیو عەشایەرێتیو نەرێتی كۆن لەكاركردندا پەیامی كوردایەتیو شۆڕشیان بەسەر هەموو ناوچەكانی كوردستاندا بڵاودەكردەوە، لەجیاتی كۆبوونەوەی سەرۆك هۆزو شێخەكانی كورد لەڕابوردوودا، كەبۆ مەبەستی سیاسیو عەسكەری پەیمانیان لەگەڵ یەك دەبەست، شێوازی كاركردنی سیاسی نوێ خۆی لەكۆڕو سیمینارو كۆنفرانسو گوتاری بەردەم ئاپۆرەی خەڵك دەبینییەوە. (٥٤)

گەشەكردنی بوارەكانی ئابووری، كۆمەڵایەتی، مەدەنیو شارستانی لەكوردستاندا، فراوانبوونی رۆڵی دامەزراوە مەدەنییەكان، زیادبوونی ژمارەی دەرچووی كۆلێژو پەیمانگاكان، كە پسپۆرن لەبوارە جیاجیاكانی زانستەكانو پیشەكان بووەهۆی دروستبوونی توێژو چینێكی رۆشنبیری گەورە لەناو كۆمەڵگای كوردستاندا، ئیتر نەدەكرا بەبیركردنەوەیەكی نوێو كلتورو جیهانبینیەكی نوێ كارنەكەن، ئەم چینە نوێیە نەیدەتوانی لەگەڵ شێوازی كاركردنی تەقلیدیو عەشایری بژیت، بەڵكو نوخبەیەكی چاك لەمانە دەستیان كرد بەخەبات لە پێناوی بەرزكردنەوەی كێشەی نەتەوایەتی، بیری سیاسی نوێ، هەوڵدان بۆ

گۆڕانی کۆمەڵگای کوردستان، بەڵام گرنگە باس لەوە بکەین، کەبۆ بەدیهێنانی ئامانجە گرنگ و سەرەکییەکانی توێژی رۆشنبیران لەبواری پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسی پێویست بەبارودۆخێکی دیموکراسی و ئازادی سیاسی هەیە، بەداخەوە ئەم دەرفەتە ئێجگار کەم بۆ ئێلیتی سیاسی و رۆشنبیری رەخساوە، بۆنموونە لەنیوەی یەکەمی سالانی حەفتاکان بەهۆی کەمێك ئازادی توانرا لەبواری رۆژنامەگەری و چاپەمەنی و کۆڕو سیمینار گەشە بەئاستی جولانەوەی رۆشنبیری و سیاسی بدرێت. ( ٥٥ ) لەدوای راپەڕینیش تاوەکو ئێستا ئێلیتی سیاسی کوردی سەرباری هەموو نائارامی و کەموکوڕییەکان، توانیان تەکنۆلۆژیای تازەو هاوچەرخ لەم پرۆسەیە بەکاربهێنن، وەك زۆربەی ولاتە پێشکەوتووەکان توانرا کار لەگەڵ کۆمپیوتەر لەجیاتی تایپی کۆن، مۆبایل تەلەفۆن و فاکس بۆ بەخێرا بلاوکردنەوەی دەنگوباس و زانیارییەکان بوونە ئامرازی رۆژانە لەژیانی سیاسی کوردیدا. ( ٥٦ )

تەلەفزیۆنە ناوچەییەکان، کەبۆ یەکەمینجار بوو لەمێژووی کوردا ئێلیتی سیاسی توانی بەکاری بهێنێ و کێشەی کوردو هەواڵ و بەرنامە جیاجیاکان و رێبازو مێژووی پارتەکانیان بگەیەننە هەموو ماڵێك، جگەلەمەش بۆئەوەی دوانەکەون لەرەوتی تەکنۆلۆژیا لەبواری دەنگوباس و پەیوەندییەکان وەك ئەوەی لەگەڵ رەوتی جیهانگیریدا بڕۆن چەندین کەناڵی ئاسمانی (سەتەلایت) بەزمانی کوردی تێکەڵ بەتۆڕەکانی سەتەلایتی جیهان بوو، کەگشتیان فاکتەری هەبوون و سەرکەوتنی پرۆسەی مۆدێرنیزمی سیاسیین لەکوردستاندا. ( ٥٧ )

## پلوڕالیزمی سیاسی و دیموکراسی

دیموکراسی پلوڕالیزمی سیاسی فاکتەری سەرەکین لە پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسی، بەڵام زاناکانی بواری زانستی سیاسەت رایەکی یەکگرتوویان لەم بوارە نییە، یان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەوەی دیموکراسی و پلورالیزمی پارتایەتی بخرێنە خانەکانی یەکەم لەم پرۆسەیەدا یان خانەکانی دواوە، چونکە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازە. ( ٥٨ )
بەلام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، کەبارودۆخی کوردستان لەم بوارە جیاوازە، چونکە پێش هەموو شت ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆمان نییەو پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسیش زیاتر لەناو جولانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازدا دەستی پێکردووەو لەبارودۆخێکی نائارام و جەنگدا، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە دیاردەی پلورالیزم لەهەندێ قۆناغدا بەرچاو بکەوێت، بەلام لەدوای هەرەسی شۆڕشی سالی ١٩٧٥ ئەم دیاردەیە بەفراوانی سەرهەڵدەدات، دروستبوونی چەندین پارت و رێکخراوی سیاسی لەکۆتایی سالانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەکوردستانی عیراقدا چەسپاندنی پرەنسیپی دیموکراسی سیاسی لە پەیڕەوو پرۆگرامی هەموو پارتەکان خۆی لەخۆیدا واقیعی هەبوونی فرەپارتایەتی دەسەلمێنێت.( ٥٩ ) ئەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا بیروباوەڕی جیاواز، بەرژەوەندی جیاواز، جیهانبینی جیاواز لەبواری تاکتیك و ستراتیژی پارتە کوردییەکانی پێوەدیارە، گرنگە ئەوەش بلێین، کەهەبوونی پلورالیزمی سیاسی لەکوردستاندا لەوانەیە باوەڕی تەواوی ئێلیتی سیاسی کوردی نەبێت بەسەرەتاکانی دیموکراسی و کار بۆ چەسپاندنی ئەم بنەماو بەهایەی دیموکراسی کرابێت، بەڵکو واقیعێك بوو دووچاری جولانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد ببوو، سەرکردایەتی پارتەکانیش ئەگەر بەقسەش بوایە دانیان پێدەنا.

دیاردەی پلورالیزمی سیاسی لەگەڵ هەموو ناتەواوییەکانی تادروستبوونی بەرەی کوردستانی ژیاو دواتریش گەشەی کردو خۆی لەهەڵبژاردنەکەی سالی ١٩٩٢ بینییەوە، کەملمانێیەکی شارستانی بوو لەسەر بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی لەکوردستاندا، دروستکردنی پەرلەمان و تێکەڵ بوونی خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردن و پرۆسەی دامەزراندنی سیستێمی سیاسی کوردستان فاکتەری هەبوونی پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسییە، کە پشت بەسەرەتاکانی دیموکراسی دەبەستێت و رێگا بۆ بەشدارییکردنی خەڵك دەکاتەوە، بۆئەوەی دەسەلاتی رەوای خۆیان دامەزرێنن، دیاردەکانی تری پلورالیزمی سیاسی و دیموکراسی بریتییە لەئازادی تاکەکەس لەبواری ئابووری و بازاڕی ئازاددا،( ٦٠ ) کەبێگومان ئەم بەهایەش لەکوردستاندا تاڕۆژی ئەمڕۆ پەیڕەوی لێدەکرێت و سیستێمی سیاسی کوردی ئەم دیموکراسییە ئابوورییەی نەخنکاندووە. هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆسەی دروستبوونی رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان لەگەشەکردندا بووە، ئەگەرچی ئەم جۆرە رێکخراوانە، کەبەشێکن لە پێکهێنەری کۆمەڵگای مەدەنی و رۆڵی گرنگ دەبینن لەڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دەسەلاتی گەل و سیستێمی سیاسی و لەڕاگرتنی هاوسەنگی تەرازووی بەرژەوەندییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی تەواویان نییەو تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی

پارتە سیاسییەکانی کوردستان و لەبواری ئابوورییەوە بەبێ پشتگیری حکومەت توانای بەردەوامبوونی ژیانی خۆیان نییە. (٦١)

هەبوونی دامەزراوو ڕێکخراوی جیاجیای وەك مافی مرۆڤ، ژینگە پارێزی، پارتی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆژیاو بیری جیاجیا، کەهەندێکیان بەشدارن لەدەسەڵات و سیستێمی سیاسی، کاری دیپلۆماسی و نوێنەرایەتی نێودەوڵەتی، ئازادییە چاپەمەنییەکان گشتیان ڕەنگدانەوەی کلتووری سیاسی و سیستێمی سیاسی وڵاتانی ڕۆژئاوایان پێوەدیارە یان کاریگەرێتی ئەوانیان لەسەرە، کەبێگومان ئەمەیش پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسی لەکوردستان دەسەلمێنێت.

گرنگە باس لەوەش بکەین، کەخەباتی ئافرەتان و ژنان بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆیان لەم پرۆسەیە دەرفەتی بۆ رەخساوە، لەوەش گرنگتر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ناوچەکانی سلێمانی و کۆیەو پشدەرو گەرمیان و هەولێر و دهۆك و ناوچەکانی تری کوردستان بەشێکن لەم پرۆسەیە.

## کۆسپەکانی بەردەم مۆدێرنیزمی سیاسی

هەموو بیرکردنەوەیەکی نوێ لەسەرەتادا تووشی کۆسپ و تەگەرە دەبێت، خەڵکی بەگومانەوە سەیری دەکەن و تاڕادەیەك لێی دوورە پەرێز دەبن، گەشە پێدانی سیاسیش لەکوردستاندا ئاسان و ڕێگاکەی ڕاست و بێکۆسپ نەبوو، چونکە بیری سیاسی نوێ کۆمەڵێك بەهاو پرەنسیپی نوێ لەگەڵ خۆی دەهێنێت، کەناکۆکە لەگەڵ بەهاو پرەنسیپی تەقلیدی کۆمەڵگای کۆن، دامەزراوە تەقلیدییەکانی کوردی، کەمێژوویەکی دووردرێژیان هەبوو نەك هەر بەئاسانی نەکەوتنە ژێر کاریگەریەتی بیروبەهای تازە، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر دژایەتیان کرد. (٦٢)

نەبوونی خوێندەواری بەشێوەیەکی فراوان لەناو کۆمەڵگای کوردی کۆسپێکی سەرەکی بوو لەبەردەم مۆدێرنیزمی سیاسی، چونکە ئاستی هوشیاری سیاسی دواکەوتووبوو، دابەشبوونی کۆمەڵگای کوردی بەسەر عەشایرو هۆزی جیاجیا، کەستروکتورە کۆمەڵایەتییەکەی هێشتا لەبەرژەوەندی سەرۆك عەشیرەت و شێخ و ئاغادا بوو، بەرژەوەندییان لەگەڵ نوخبەی سیاسی هاوچەرخ ناکۆك بوو، گواستنەوەی خەباتی سیاسی کوردی لەساڵانی شەستەکان بۆ شاخ و ناوچەی جوتیاران کۆسپێکی گەورەبوو لەبەردەم گەشەکردنی مۆدێرنیزمی سیاسی، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد گوندەکان ئاستی هۆشیاری و خوێندەوارییان بەبەراورد لەگەڵ شارەکان زۆر لەدواوە بوو، بەمەش تەرازووی هێزەکان بەلای پارێزگاران و دامەزراوی تەقلیدیدا شکا، هەربۆیە لەکاتی دووبەرەکی نێوان ئێلیتی مۆدێرنی شارەکان، کەلەناو شۆڕشدا بوون و لەگەڵ ئێلیتی تەقلیدی سیاسی، تەرازوی هێزەکان بەبەرژەوەندی ئێلیتی تەقلیدی کوردی شکایەوە، چونکە جوتیاران بەئاسانی نەدەکەوتنە ژێر کاریگەریەتی بیری سیاسی نوێ، کەبۆ ئەوان نامۆ بوو. (٦٣)

یەکێك لەکۆسپەکانی‌تری بەردەم مۆدێرنیزمی سیاسی بریتییە لەوڵاتانی دەوروبەر، کەگشتیان کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو بەچاوی دوژمنکارانە تەماشای هەرجۆرە پرۆسەیەکی پێشکەوتن و نوێخوازی دەکەن لەکوردستاندا، چونکە دەبێتەهۆی هوشیاری سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی بیری نەتەوەیی، کەئەمەش لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە. ڕژێمەکانی وڵاتانی دەوروبەر لەقۆناغە جیاجیاکانی خەباتی گەلی کورددا دۆستایەتیان، لەگەڵ دامەزراوی تەقلیدی کوردی پەیداکردووەو پشتیوانیان لێکردووە لەبەرامبەر ئێلیتی هاوچەرخی نوێخوازی کوردی، ئەوان بەردەوام پلانیان هەبووە بۆ سەرنەکەوتنی هەرجۆرە پرۆسەیەکی مۆدێرن لەکوردستاندا، کەببێتە جێگای جێگیری سیاسی و پێشکەوتن. (٦٤)

جگەلەمانەش ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی بەردەوام پێویستی بەدەرامەتی مادی و کادیری کارامەو پسپۆری شارەزا هەبووە، بۆئەوەی درێژە بە پرۆسەکە بدەن و بەرەو سەرکەوتنەی بەرن.

لەم ساڵانەی دواییدا سەرباری پرۆسەی بەتەوژمی بەمۆدێرنکردن لەناو خودی کۆمەڵگای کوردستاندا، ڕێبازی دژە مۆدێرن سەریهەڵداوەو بەهەموو جۆرێك خەبات لەدژی بەهاو سەرەتاکانی مۆدێرنیزمی علمانیەت دەکەن، کەئەوانیش بریتین لەتەیارە جیاجیاکانی ئیسلامی، ئەو تەیارو ڕێبازە ئیسلامیانە لەسەر بناغەکانی ئسوڵی ئیسلامی بەهاو پرەنسیپەکان دەبینن، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە جگەلەوەی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم لاوازدەکات و لەناوی دەبات، بەڵکو لەگەڵ پرۆسەی مۆدێرنیزمیشدا لەسەنگەری بەرامبەر وەستاوەو لەململانێیەکی بێکۆتاییدایەو بەسۆزو عاتیفەی پارێزگارانە خەبات دەکات. (٦٥)

## دەرئەنجام

مۆدێرنیزمی سیاسی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەسەردەستی ئێلیتی رۆشنبیرو سیاسی کوردی گەڵاڵەبوو، ئەنجامی گەشەکردنی بوارەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی بوو، لەسەر بنەماو میتۆدێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو ئەنجامی وەرگرتنی ئایدۆلۆژیای رۆژئاوایی لیبرالیزمو هەندێك جاریش سوود لەمارکسیزم وەرگیراوە، مۆدێرنیزمی سیاسی زیاتر لەناو جولانەوەی رزگاریخوازی کوردییدا گەشەی کردووەو تووشی کۆسپو گیروگرفتی زۆربووە لەبەر هۆکاری دەرەکیو ناوخۆ.

ئەم پرۆسەیە لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا لایەنگرو نەیارانی خۆی هەبووە، بەلام لەگەڵ پێشکەوتنی بوارکانی ژیانی کۆمەلایەتی، ئەویش هەنگاوی تازەو نوێی هاویشتووەو لەگەڵ رووداوەکانیو گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی خۆی گونجاندووە.

مۆدێرنیزمی سیاسی وەك پرۆسەیەك لەسەر دەستی ئەو ئێلیتە سیاسییە کوردییەی کەلەخوارەوە بۆ سەرەوە پەیدابووەو (واتە لەسیستمی لیبرال دیموکراتدا) هەوڵی چەسپاندنی بۆ دراوە.

نەبوونی کیانێکی سەربەخۆو دوژمنایەتی کردنی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ئەم پرۆسەیە لەکوردستان دواخراوەو کۆسپ خراوەت بەردەم پەرەسەندنی.

لەرۆژگاری ئەمرۆدا بوارە گرنگەکانی مۆدێرنیزمی سیاسی وەك دیموکراسی، سیستێمی نوێنەرایەتی دامەزراوی مەدەنی، رێکخراوە پیشەییو جەماوەرییەکان، مافی مرۆڤو ئازادی بازرگانیو بازاڕی ئازاد لەکوردستان کەم تازۆر بەدیدەکرێنو بەفاکتەری هەبوونی پرۆسەی مۆدێرنیزمی سیاسی دادەنرێن.

## پەراوێزەکان


١. -د.شعبان الطاهر الاسود: علم الاجتماع السياسي، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١،ل١٨٩

٢. -الان تورين: ماهية الديمقراطية، ترجمة حسن قبيسي، بيروت، ٢٠٠١،ل٢٠٩

٣. -هەر لە سەردەمی جولانەوەی شێخ مەحمود تا جولانەوەکانی تری کوردستان، بە شۆڕشی سالی ١٩٦١ و ١٩٧٥ تا دەگاتە راپەرینەکەی سالی ١٩٩١، سەرکردایەتی کوردی ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە لە شارەکان لەگەڵ جەماوەردا بە ئاشکرا کار بکات.

٤. -لەنچۆڤ.س.ئە: لەبارەی بە مۆدێرن کردنی ژیانی سیاسی، گۆڤاری ڤێستنیك، پیتربۆرگ،١٩٩٨، (بە زمانی روسی)،ل٧٢.

٥. -هەمان سەرچاوە.

٦. -هنتگتۆن، ئەلمۆند، ئیستۆن، دورگهایم... گشتیان لە سەر جێگیری کۆمەڵ رێکن، واتە بەکار نەهێنانی زەبر و زەنگ و شۆڕش لە پێناوی گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیەکان، بە پێچەوانەی مارکس کە باوەڕی بە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ هەبوو لە پێناو گرتنە دەستی دەسەلات و گۆڕانی رادیکالی لە ناو کۆمەڵ و دەوڵەت.

٧. -سامۆیل هنتگتۆن: النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ترجمة سميه فلو عبود، بيروت، ١٩٩٣، ل٩.

٨. -غازي فيصل: التنمة السياسية في بلدان العالم الثالث، بغداد، ١٩٩٣، ل١٠٣.

٩. -لەنچۆڤ.س.ئە: هەمان سەرچاوە، ل٧٣

١٠. -د.كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الكويت، ١٩٨٥، ل١٧٤-١٧٥.

١١. -هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٨.

١٢. - محمد علي محمد: اصول الاجتماع السياسي، الاسكندرية، الجزء الثاني،١٩٨٩، ل٢٦٧.

١٣. -هاجییڤ.ك.س: بنەماکانی جیۆپۆلەتیك، مۆسکۆ، ١٩٩٨،(بە زمانی روسی)، ل٢٤٥.

١٤. -سامۆیل هنتگتۆن: هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

١٥. -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣

١٦. -نبيل السمالوطي :بناء القوة والتنمية السياسية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٨، ل٢٥-٢٨.

١٧. -زۆربەی زاناکانی رۆژئاوا ئاماژە بەو خەسلەتانە دەکەن چونکە رایان وایە گۆڕان لە ستروکتوری کۆمەڵایەتی بێگومان کاریگەری بەسەر کولتور و هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا دەبێت.

١٨. -فیلیث برو: علم الاجتماع السیاسی، ترجمة د. محمد عرب صاصیلا، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر و التوزیع، مكان الطبع غیر معروف، ١٩٩٨، ل٢٧٤.

١٩. -ئەم جۆرە رێبازە لە زۆر لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا تاقی کراوەتەوە بێ ئەوەی پێشکەوتنی بەرچاو و ئەنجامی هەبێت.

٢٠. -مارکس، لینین، ماوزی دۆنگ و دەیان سەرکردەی تری جولانەوەی چەپی رادیکال ئەم بۆچونەیان هەیە.

٢١. -لە نوسراوەکان و بڵاوکراوەکانی بیریارانی ئەم رێبازە بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێن.

٢٢. -غوران هدبرو:الاتصال و التغیر الاجتماعی في الدول النامیة، ترجمة محمد ناجي الجوهر، بغداد، ١٩٩١، ل٢٣.

٢٣. -لیبرالەکان لەم بوارە جەخت لەسەر ئەم بۆچونە دەکەن.

٢٤. -هاجیبیڤ.ك.س: هەمان سەرچاوە، ل٢٤٦.

٢٥. -سامۆیل هنتگتۆن: هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

٢٦. -زۆربەی زاناکان رایان وایە کە مەرجەکانی نەتەوە ،خاك، زمان، ئایین، ئابوری و کولتوری هاوبەش گرنگن بۆ دروست بوونی نەتەوەیەکی یەکگرتوو.

٢٧. -شکستی شۆڕشەکانی کورد لە مێژوودا بەتایبەتی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی‌بیستەم یەکێکە لە هۆکارەکان کەدەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی تەقلیدی کوردی ئەو سەردەمە.

٢٨. -جلال الطالبانی: حول القضة الكردیة في العراق، بیروت، ١٩٩٦، ل٢٣.

٢٩. -لەوانە ئەحمەدی خانی، نالی، حاجی قادری کۆیی، و هیتر.

٣٠. -بە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ لە روی خوێندەواری و نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی (وسائل الاتصال)، نەبوونی چاپخانە و رادیۆ و . . . هتد.

٣١. -زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەو راستیە دەکەن.

٣٢. -شتێکی ئاساییە ئەگەر سەرمایەداری لە کوردستان گەشەی نەکردبێ پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان خەسلەتی تەقلیدی و سەدەکانی ناوەراستی هەبێ.

٣٣. -ئەوانەی کە لە ئەستەمبوڵ خوێندبویان و گەڕانەوە کوردستان لەگەڵ ئەو گروپەی لە بەغدا دەرفەتی خوێندنیان بۆ رەخسا رۆڵی گرنگیان بینی لە وروژاندنی جەماوەر بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و بیری نەتەوەیی.

٣٤. -لەم بوارە دەتوانین ئاماژە بە جولانەوەی تورکیای لاو بکەین و هەموو ئەو جولانەوانەی لە ئەستەمبوڵ هەبوون و دژی سیستێمی تەقلیدی عوسمانی بوون.

٣٥. - پەیمانی سایکس پیکۆ بووە هۆی دروستبوونی ئەو وردە دەوڵەتانە لە ناوچەکە کە دواتر رێککەوتننامەی تری بە دواداهات بە تایبەت دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە روسیا.

٣٦. -دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە لە ساڵانی بیستەکان و سیەکان لە لایەن نوسەرانی ئەو سەردەمی کورد و ناوەرۆکی نوسینەکانیان راستی بۆچونەکانمان دەسەلمێنن.

٣٧. -احسان محمد الحسن: علم الاجتماع السیاسي، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٤، ل٢٠٣.

٣٨. -د.شعبان الطاهر الاسود: علم الاجتماع السیاسي، الدار المصریة اللبنانیة، ٢٠٠١، ل٩٩.

٣٩. زۆربەی سەرکردایەتی پارتە کوردیەکان ئەو راستیە دەسەلمێنن.

٤٠. -بۆ نمونە گۆڤاری گەلاوێژ، یەکێتی تێکۆشین . . . و هتد.

٤١. -هەبوونی پارتی هیوا ، پارتی دیموکراتی کوردستان، و رزگاری نمونەی بەرچاون.

٤٢. -ئەو سەردەمە بە هۆی کردنەوەی زانکۆ لە بەغدا ژمارەیەك لە خوێندکارانی کوردستان توانیان سود لەو دەرفەتە ببینن و لە دواڕۆژدا ببنە سەرکردە و کادری لێهاتووی سیاسی.

٤٣. -د.کمال مظهر احمد لە کتێبی (صفحات من تارخ العراق المعاصر)ئاماژە بە نوسینی هەندێ لە نوسەرە عەرەبەکانی سالانی سیەکان دەکات کە جۆرە بیرکردنەوەی رەگەزپەرستانەیان بلاودەکردەوە.

٤٤. -بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانی کورد لە ناو پارتی کۆمۆنستی عیراقدا خەباتیان دەکرد و دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی بوون.

٤٥. -بۆ نمونە شیعرەکانی هەژار و هێمن و گۆران.

٤٦. -گۆڤاری یەکێتی تێکۆشین یەك لەو گۆڤارانە بوو کە بیری مارکسی بلاو دەکردەوە.

٤٧. -کریس کوچیرا :مێژووی کورد لەسەدەی ١٩ و ٢٠ دا، وەرگێڕانی محمد ریانی، تاران،١٣٦٩هەتاوی.

٤٨. -جورج بالاندیة :الانتروبولوجیا السیاسیة،ل١٣٦.

٤٩. -غازی فیصل : هەمان سەرچاوە،ل٥٤.

٥٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو

٥١. -د. محمد بن سعود البشر : مقدمة في الاتصال السیاسي، الریاض،١٩٩٧،ل٣٦

٥٢. -لە سەدەکانی رابردوودا ئەگەر میرێك پێویستی بە کۆکردنەوەی لەشکر هەبوایە لە رێگای ئاغا و دەرەبەگە کوردەکان هێزی کۆدەکردەوە بەلام ئەوەی لە شۆڕشی کوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دروست بوو تەواو جیاواز بوو لەگەل رابردوو.

٥٣. -لە رێگای رۆژنامە و رادیۆ ئەو کارانە ئەنجام دران.

٥٤. -کۆنفرانس، پلینیوم، کۆنگرە دیاردەی گەشە پێدانی سیاسی نوێن و لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردی بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت.

٥٥. -بۆ نمونە دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد و دەرچوونی رۆژنامەی رۆژانە.

٥٦. -د.دلیر ئەحمەد حەمەد : کورد و بە جیهانیبون، گۆڤاری بیر و هۆشیاری، ژمارە (٢)، سالی ٢٠٠٢، ل١٥٢

٥٧. -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢

٥٨. -د.شعبان الطاهر الاسود : هەمان سەرچاوە،ل١٧٩

٥٩. -بڕوانە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان و . . . هتد.

٦٠. -الان تورین : ماهیة الدیمقراطیة، ترجمة حسن قبیسي، بیروت، ٢٠٠١،ل١٦٨

٦١. -ئەمە نەك هەر لە کوردستان بەلکو لە زۆربەی ولاتانی جیهانی سێیەم وایە.

٦٢. -بەشێك لە ئاغا و سەرۆك هۆزەکان لە سەدەی بیستەم لە جیاتی ئەوەی پشتیوانی لەم پرۆسەیە بکەن ، بوون بە نۆکەری داگیرکەران و دژایەتی جولانەوەی کوردیان کرد.

٦٣. -دووبەرەکی جولانەوەی کوردی لە سالی ١٩٦٤ نمونەی ئەم پرۆسەیەیە.

٦٤. -لە دوای هەلبژاردنی پەرلەمان لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ئاشکرا وەزیرەکانی دەرەوەی ولاتانی دەوروبەری کوردستان کۆبونەوەیان دەکرد لە سەر دۆخی کورد بۆ ئەوەی گەشە نەکات و کێشەی بۆ دروست بکەن.

٦٥. -دروست بوونی جۆرەها جولانەوەی ئیسلامی لە کوردستان لە دوای راپەرینی ١٩٩١ کە گشتیان سەلەفین و دژی چەمکی لیبڕالین ، راستی ئەم بۆچونەمان دەسەلمێنن.

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی:


١. د.دلێر ئەحمەد حەمەد: کورد و بە جیهانیبون، گۆڤاری بیر و هۆشیاری، ژمارە (٢)، سالی ٢٠٠٢

٢. کریس کوچیرا :مێژووی کورد لەسەدەی ١٩ و ٢٠ دا، وەرگێڕانی محمد ریانی، تاران،١٣٦٩هەتاوی


## بە زمانی عەرەبی:


٣. احسان محمد الحسن: علم الاجتماع السياسي، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٤

٤. الان تورين: ماهية الديمقراطية، ترجمة حسن قبيسي، بيروت، ٢٠٠١

٥. جلال الطالباني: حول القضة الكردية في العراق، بيروت،١٩٩٦

٦. سامؤيل هنتطتؤن: النظام السياسى لمجتمعات متغيرة، ترجمة سميه فلو عبود، بيروت، ١٩٩٣

٧. د.شعبان الطاهر الاسود: علم الاجتماع السياسي، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١

٨. غازى فيصل: التنمة السياسية في بلدان العالم الثالث، بغداد، ١٩٩٣

٩. غوران هدبرو:الاتصال و التغير الاجتماعى في الدول النامية، ترجمة محمد ناجي الجوهر، بغداد،١٩٩١

١٠. فيليث برو: علم الاجتماع السياسى، ترجمة د. محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، مكان الطبع غير معروف، ١٩٩٨

١١. د.كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الكويت، ١٩٨٥

١٢. محمد علي محمد: اصول الاجتماع السياسي، الاسكندرية، الجزء الثانى،١٩٨٩

١٣. د. محمد بن سعود البشر: مقدمة في الاتصال السياسي، الرياض،١٩٩٧

١٤. نبيل السمالوطي :بناء القوة والتنمية السياسية، الهيئة المصريةالعامة للكتاب


## بەزمانی روسی:


١٥. لەنچۆڤ.س.ئە: لەبارەی بە مۆدێرن کردنی ژیانی سیاسی، گۆڤاری ڤێستنیك، پیتربۆرگ،١٩٩٨، (بە زمانی روسی)

١٦. هاجییێڤ.ك.س: بنەماکانی جیۆپۆلەتیك، مۆسکۆ، ١٩٩٨،(بە زمانی روسی)،



## ملخص البحث

تعتبر عملية التنمية السياسية، مشكلة معقدة و عويصة كونـها عملية واسعة و متعددة الجوانب و لها مذاهب و مناهج مختلفة،وقد كان لها تأثير واضح و جدي على البنية السياسية، الاجتماعية، الثقافية في دول العالم الثالث في القرن العشرين وقد أثرت على الشعب الكوردي أيضا ضمن هذا الاطار. أهمية هذا الموضوع في المقام الاول تكمن في طول أمد تلك العملية أي (عملية التنمية السياسية) وعمق تلك التأثيرات التي أحدثتها في المجتمع الكوردستاني، دون أن تبحث أو يقوم أحد المختصين أو الباحثين بالتطرق اليها أو تناول أحد جوانبها بصورة شاملة و دقيقة.

لذا أثرت اختيار هذا الموضوع.

ثانيا، في النصف الثاني من القرن العشرين أستطاعت عملية التنمية السياسية أن تنمو بشكل سريع و ملفت للنظر و أن تقتحم مجالات الفكر السياسي، الثقافي، حركة التحرر القومي، ولكن بالرغم من كل هذا ليست هناك أية محاولة لاجراء دراسة مقارنة لامكانية تلائمها أو عدم تلائمها مقارنة مع وضع كوردستان، ومستوى الوعي السياسى لجماهير كوردستان.

وقد استعنت بعدد من المصادر العلمية والقيمة لكتابة هذا البحث، منها ما اهتم بوضع نظرية التنمية السياسية مثل (روبرت دال، هنتطتون، أستون، طابريل الموند) وعدد من المصادر الاخرى.

وقد قمنا بتقسيم هذا البحث على عدة محاور:
١-السمة العامة لعملية التنمية السياسية
٢-مناهج التنمية السياسية
٣-البنية الاجتماعية والسياسية للمجتمع الكوردي
٤-وسائل التنمية السياسية
٥-الديمقراطية و التعدد السياسي
٦-المسائل التي تقف كحجر عثرة أمام عملية التنمية السياسية
٧-دور النخبة السياسية الكوردية في عملية التنمية السياسية
هذا بالاضافة الى كتابة المقدمة والخاتمة.
مبتغى هذا الدراسة هي تحليل مراحل التنمية السياسية و تطور العملية ذاتها والقاء الضوء عليها من الناحية التاريخية، و ابراز دور النخبة السياسية الكوردية في تلك العملية، ومن جانب اخر حاول الباحث أن يتطرق الى مناهج عملية التنمية السياسية و أظهارها للعيان، و خاصة اذ أخذنا بنظر الاعتبار مسألة اختلاف وجهات النظر عند مفكري الغرب حول كيفية ادارة العملية والاهتمام بأي أساس من أسسها وقواعدها الرئيسية.
وقد كان لاستخدام المنهج التجريبي - التاريخي في هذه الدراسة دورا كبيرا للوصول الى لاستنتاجات العلمية.


## *Summary*

*Process of political development in Kurdistan, is an important subject in political field and sociology of Kurdish nation. Until nowadays, the scientists and researchers did not make any subjective and scientific research about that subject.*

*The developed American and west Euroupe universities especially colleges and departments, institute and academic centers have been for along time mentioned the importance of political development in the Third World Countries. But unfortunately Kurdistan universties ignored this field and did not mention the subject basically.*

*For writing this subject we took benefit from several scientific sources especially those who made political development theories , e.g ,Robert Dal , Hentigton ,Iston, Almond , .... Etc.*

*The research contain these subjects :-*

*1- General characteristics of the research .*
*2- Political development trends.*
*3- Socio – political structure of Kurdish people .*
*4- Political development tools.*
*5- Democratical and political pluralism.*
*6- Obstacles of political development .*
*7- The role of elited kurdish politicians .*

*After analysing and studying these sectors , the researcher shows the most important results.*